حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی كۆیە

KOYA UNIVERSITY

# گۆڤاری زانكۆی كۆیە

ISSN.2073-0713
گۆڤارێكی ئەكادیمیە- زانكۆی كۆیە دەری دەكات
ژمارە ١٤ ساڵی ٢٠١٠

» دراسة منهجية في كتاب (أنوار التنـزيل وأسرار التأويل) المشهور بتفسير البيضاوي...
» قراءة عبدالرحمن بن هرمز(ت ١١٧هـ) دراسة في مستويات التحليل اللغوي ...
» قصص الرؤيا في الأدب العراقي
» من توجيهات الشخصية السوية في الاحاديث النبوية
» منهج المؤلف المجهول في تاريخ دولة الاكراد والاتراك...
» توركيا لەماوەی فەرمانڕەوایەتی عیصمەت ئینۆنودا ١٩٣٨-١٩٥٠
» هونەرەكانی ڕووخسارو ناوەڕۆك لەشیعری جەلال جزیار
» شێوازی ئاخاوتنی ژن لە كۆیە (تیڕوانینێكی پراگماتیكی)
» أزمة الأسس في الرياضيات وعلاقتها بمنطق الفئات عند برتراند رسل...
» تقويم دورتين لتطوير الأداء التدريسي الجامعي من وجهة نظر ...
» الاهمية الجيوبوليتيكية للجبال في العالم
» تاثير منهج تعليمي بالالعاب الاستكشافية في القسم الاعدادي من الدرس...
» تأثير منهج تعليمي باسلوب التدريب الدائري في أكتساب بعض القدرات البدنية...
» تأثير استخدام برنامج مقترح بأسلوب التدريب الدائري...
» بعض أنواع القوة العضلية وعلاقتها بمستوى إنجاز رمي الرمح ...

# توركیا لەماوەی فەرمانڕەوایەتی عیصمەت ئینۆنۆدا ۱۹۳۸-۱۹۵۰

## ( لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی لەبارودۆخی سیاسیی-ئابووری وكۆمەلایەتی )

م.ی. هۆشمەند عەلی مەحمود
زانكۆی كۆیە
كۆلێجی زانستە كۆمەلایەتییەكان
بەشی مێژوو

**پێشەكی**

لێكۆڵینەوە لە مێژووی هاوچەرخی توركیای ماوەی فەرمانڕەوایەتی عیصمەت ئینۆنۆ لە (۱۹۳۸-۱۹۵۰) گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، نەك تەنها لەبەرئەوەی كۆتایی دەسەلاتی ئەتاتورك و قۆناغێكی نوێ بوو لە توركیادا، بەڵكو ئەوماوە مێژووییە پەیوەستە بەچەند گۆڕانكارییەكی بنچینەیی لە ژیانی سیاسیی و ئابووری و كۆمەلایەتی توركیادا.

ئەم لێكۆڵینەوەیە گرنگی دەدات بەماوەی سالانی جەنگی دووەمی جیهانی و كاریگەرییەكانی بەسەر توركیا لە لایەنەكانی سیاسیی و سەربازی و ئابووری و كۆمەلایەتییەوە، هەروەها قۆناغێكی گرنگ لە گۆڕانی نێوخۆیی پرۆسەی سیاسی توركیا لەدوای جەنگ و سەردەمی سەرهەلدانی دیاردەی فرەحیزبی بەدرێژایی سالانی ۱۹٤٥-۱۹۵۰.

ئامانج لەم لێكۆڵینەوەیە، وێڕای خستنەڕووی ڕووداوە مێژووییەكان بەدوای یەكدا، لەهەمان كاتدا گرنگی و بایەخدانە بەدەستنیشانكردنی خالە لاوازو بەهێزەكانی توركیا لەماوەی فەرمانڕەوایەتی ئینۆنۆ و سالانی جەنگ و ئەو كاریگەرییە ئەرێتی و نەرێتیانەی بەسەریەوە

کەوتەوە، لەگەڵ خستنەڕووی بارودۆخی نێوخۆیی کۆمەڵگای تورکی لەلایەنەکانی ئابووریو کۆمەلایەتیو نیشاندانی وەك بەرەنجامێك بۆ گۆڕانکاریەکانی دوای جەنگ تا ساڵی ١٩٥٠ لەپاڵ هۆکارو پاڵنەرە دەرەکیەکاندا. هەروەها نیشاندانی ڕوویەکی کەمی بارودۆخی کوردستانی تورکیایە لەسایەی فەرمانڕەوایەتی ئینۆنۆدا.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا وێڕای پشت بەستن بەچەند سەرچاوەیەکی مێژوویی جۆراوجۆر، بەلام لەهەموویان زیاتر کە سوود بەخش بوون بۆمان، لێکۆڵینەوەکانی (فیروز احمد: صنع ترکیا الحدیثة، د.احمد نوری نعیمی: ظاهرة التعدد الحزبی فی ترکیا ١٩٤٥-١٩٨٠، لەگەڵ کتێبە منهجیەکانی زانکۆی موصل، وەك: د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: ایران و ترکیا دراسة فی التاریخ الحدیث والمعاصر، د.ابراهیم خلیل احمد واخرون: ترکیا المعاصرة. وێڕای ئەمانەش سوودی زۆرمان بینی لە کتێبی ( ERIKJ. ZURCHER: Turkeya amodern history) بەزمانی ئینگلیزی.

لێکۆڵینەوەکەمان لە پێشەکیو دوو بەشی سەرەکیدا چڕکردۆتەوەو بەم شێوەیە دابەشمانکردووە: بەشی یەکەم: تورکیا لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ١٩٣٩- ١٩٤٥و لە سێ تەوەردا خستومانەتەڕوو، یەکەم: عیصمەت ئینۆنۆو سەرۆکایەتیکردنی کۆمار، دووەم: ساڵانی جەنگو هۆکارەکانی بەشداریکردن لە جەنگ، سێیەم: جەنگو کاریگەریە ئابووریو کۆمەلایەتیەکانی. بەشی دووەمیش تایبەتە بە سەردەمی فرەحیزبیو هۆکارەکانی گەشەسەندنیانو کاریگەریان لە بارودۆخی سیاسیدا ١٩٤٥-١٩٥٠و لە سێ تەوەری سەربەخۆدا باسمان لە هەریەکە لە: هۆکارەکانی گەشەسەندنو سەرهەڵدانی فرە حیزبی، دامەزراندنی پارتەکان، ژیانی پارتایەتیو کاریگەری بەسەر پرۆسەی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتی لە تورکیادا کردووە. لە کۆتایشدا گرنگترینی ئەو ئەنجامانەمان خستۆتەڕوو، کە لە تەواوی لێکۆڵینەوەکەدا پێی گەیشتووین.

## بەشی یەکەم

## توركیا لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ١٩٣٩- ١٩٤٥:

### یەکەم: عیصمەت ئینۆنۆو سەرۆکایەتیکردنی کۆمار:

ئینۆنۆ (عیصمت پاشاشی پێ وتراوە) لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٨٤دا لە خێزانێکی مام ناوەند لە شاری ئیزمیری توركیا لەدایك بووە، لە تەمەنی لاویەوە نێردراوە بۆ قوتابخانەی سەربازیو ساڵی ١٩٠٥ دەرچووە بە پلەی نەقیبو خزمەتی کردووە لە نێوچەجیاجیاکانی سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ولەکاتی جەنگی دژ بە یۆنانو هێرشی سەربازی یۆنانیەکان لە جەنگی گوندی ئینۆنۆدا لە ساڵی ١٩٢١ بەشداربووەو نازناوەکەشی (ئینۆنۆ)، دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی لەو جەنگەدا[(١)].

کەسانێك بانگەشەی بەرەچەڵەك کوردبوونی دەکەن، لەم بارەشەوە عەبدولمەلیك فورات (نەوەی شێخ سەعیدی پیران)، گوتوویەتی: "ئینۆنۆ هەتا ئێستاش لەشاری بیدلیسی کوردستانی تورکیادا کەس‌وکاری نزیکی هەیە"[(٢)]، بەڵام کورد بوویێت یان تورك*، تەنها ئەوندەبەسە بزانین کە ئەوکەسەبووە سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی تورکیای کرد بۆ واژۆکردنی پەیماننامەی لۆزان لە (١٩٢٣/٧/٢٣)، کە تیایدا کوردستانی کرد بە چوار پارچەوە[(٣)].

ئینۆنۆ هاوڕێی نزیکی ئەتاتوركو یەکەمین سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتو پاڵەوانی سەربازیو فەرماندەی بەرەی ڕۆژئاوابووە، لە سەرەتای ڕووداوەکانی تورکیادا، شان بەشانی ئەتاتورك ڕۆڵی کارای گێڕاوەو جێگای باوەڕی ئەتاتورك بووە[(٤)]، هەربۆیەش لەکاتی ڕاگەیاندنی کۆماری لە

---

(١) فيروز احمد: صنع تركيا الحديثة، ت: د.سليمان داود الواسيط و د.حمدي حميد الدوري، بغداد، ٢٠٠٠، ص٢٣٥.

(٢) وەرگیراوە لە : (رازاو محەمەد: ئەو تورکانەی بەرەچەڵەك تورك نین، دۆسێی تورکیا، گۆڤارێکی تایبەت بەکاروباری تورکیایە، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان دەری دەکات، ژمارە (٤)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل١١٤).

* سەبارەت بە کوردبونی ئینۆنۆ، پێمان وایە ئەمە دوورێت لە ڕاستیەوە، وای بۆ دەچین ئەمە پروپاگەندەیەك بوویێتو لەلایەن نەیارانی ئینۆنۆوە بلاوکرابێتەوە بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسییو کەم کردنەوەی جەماوەری لە تورکیادا.

(٣) هدى درويش: الاسلاميون وتركيا العلمانية (نموذج الامام سليمان حلمي)، ط١، دار الافاق العربية- دار الامين للطباعة، القاهرة، ١٩٩٨، ص٩٢.

(٤) جهاد صالح: الطورانية التركية بين الآصولية والفاشية، ط١، دار الصداقة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٧،ص١٣٦.

توركیا ساڵی ١٩٢٣، وەك سەرۆك وەزیران خزمەتی كردووە تا دەست لەكاركێشانەوەی لە ساڵی ١٩٣٧ لەم پۆستەدا بەردەوام بووە[١].

هەروەها وەك كەسێتیەكی سەربازی توندڕەوو پابەند بەبیرو ئایدیاكانی كەمالیزمەوە، لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨دا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی دامركاندنەوەی شۆڕشی دەرسیمی كردووە لە كوردستانی توركیادا[٢]، ئاكامەكەشی بووە هۆی لاوازكردنو لەناوبردنی شۆڕشو ڕاپەڕینەكانی كورد، بەجۆرێك بەدرێژایی فەرمانڕەوایەتی ئینۆنۆ (١٩٣٨-١٩٥٠) لە توركیادا هیچ جۆرە شۆڕشو ڕاپەڕینێكی دیكەی كوردی بەدی نەكراوە. لەبەرئەوەی ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵات (كوردستانی توركیا) دوای ئەم سەركوتكردنەی لە ١٩٣٨وە وەك ناوچەیەكی سەربازی داخراوو قەدەغەكراو دانرا[٣].

بەمەش لەیەك كاتدا بوو بە یەكێك لە كەسایەتیە دیارەكان لە نێوخۆی دەسەڵاتی پارتی گەلی كۆماریو حكومەت لە توركیادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەژیانی ساسیدا بێ ڕكابەر نەبووە، بەڵكو دژایەتی كراوەو هەوڵیانداوە لەناوەندی دەسەڵات دووری بخەنەوە، بەتایبەتی كاتێك بەڵێنیان پێداو هەوڵیاندا بیكەن بە باڵیۆزی توركیا لە واشنتۆن، لەكاتی هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەندا، بەڵام بەهۆی پشتیوانیكردنی ڕاستەوخۆی ئەتاتورك بۆی، هەوڵەكان لە دژایەتیكردنیدا بێ ئاكام دەمانەوە[٤]. ئەمەش وایكرد پێگەی سیاسی بەهێزتربێتو پاشان لە ڕووداوەكانی دواتر وەك كەسی یەكەم بە دەربكەوێت. بەتایبەتی دوای ئەوەی كەمال ئەتاتورك لە (١٩٣٨/١١/١٠) كۆچی دوایی كرد، بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی سیاسیی، ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی ڕۆژی دواتر، واتە لە (١٩٣٨/١١/١١)، بەكۆی دەنگ، (عیصمەت ئینۆنۆ)یان هەڵبژارد بە سەرۆك كۆمار، دوای دووهەفتەش لە ڕیزەكانی پارتی گەلی كۆماری فەرمانڕەوا، كرا بە سەرۆكی پارت[٥]. لێرەوە بۆ ماوەی نزیك بە دوانزە ساڵ (١٩٣٨-١٩٥٠) سەرۆكایەتی كۆماری توركیای كەوتە ئەستۆ.

---

(١) فیروز احمد: م.س، ص٢٣٦.

(٢) كۆمەڵێك نووسەری كوردو بیانی: گەلێكی پەژمووردەو نیشتمانی پەرت (كوردو كوردستان)، و. م.گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨، ل١٤٣،١٤٤.

(٣) د.وەدیع جوەیدە: جوڵانەوەی نەتەوەیی كورد بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: د.یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤٦٢.

(4) ZURCHER: Turkey amodern history, Third Edition, I.B.Tauris, 2003, p184. ERIKJ.

(٥) د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: ایران و تركیا دراسة فی التاریخ الحدیث والمعاصر، جامعة الموصل، ١٩٩١، ص٢٥٦.

لە ڕاستیدا چەند هۆکارێك کاریگەربوون لە سەرکەوتنی ئینۆنۆو هەڵبژاردنی وەك دووەم سەرۆك کۆماری تورکیا، کە ئەمانەن[1]:

١-ڕکەبەرایەتی ئینۆنۆ لەلایەن سەرۆکی وەزیرانەوە کە (جەلال بایار*) بوو، چونکە ئینۆنۆ لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ لە ئەنجامدانی چەند هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن لەدژیان‌و لێکۆڵینەوە لەسەر کارەکانیان‌و سکاڵا تۆمارکردن لە دژیان، ڕکەبەرایەتی بایاری کردبوو، بەڵام لەم هەڵو مەرجەدا بایار نەی دەویست یارمەتی دوژمنەکانی بدات لەدژی ئینۆنۆو هیچ کاتێکیش حەزی بە ڕوو بەڕوو بوونەوە نەبوو لە گەڵ ئینۆنۆ لە ماوەی کارکردنیدا، وبایار نەی دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت بەرامبەر ئینۆنۆ، کە بەکاندیدێکی باوەڕپێکراو ناسرابوو.

٢-ئینۆنۆ توانیبووی سەرنجی (بیرۆکراتەکان)ی نێو ئەنجومەنی نیشتمانی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەتایبەتی کە چەند ساڵێك پێشتر لەلایەن خۆیەوە دانرابوون‌و پشتیوانیان لێکرابوو، بۆیە ئەوانیش دەنگی خۆیان خستبووە پاڵ ئینۆنۆوە.

٣-کەسایەتیە بەهێزەکان‌و سەرکردەکانی سوپاش بڕیاریاندابوو بۆ یارمەتی دانی ئینۆنۆو پاڵپشتی لێکردنی‌و لەدژی ڕانەوەستان‌و خۆیان کاندیدنەکر، هەرچەند بەشێکیان شان بەشانی ئەو بەتواناو بەهێزیش بوون، بۆ وێنە: سەرۆکی گشتی جەنەڕاڵە سەربازییەکان لیوا فوزی چاکماك، خۆی کاندیدنەکرد، کە ئەویش کەسێکی بەتوانابوو.

بەڵام پێمان وایە لەهەموو ئەمانە گرنگتر، خودی بڕیاری ئەتاتورك خۆی بووە بۆ دەستیشانکردنی جێگرەوەیەك پاش خۆی، ولەوەش گرنگتر گوێڕایەڵی سەرکردەکانی نێو پارتی

---

(١) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.184.

* جەلال بایار: لە ١٥ی مایسی ١٨٨٣ لە گوندێکی نزیك بە هەرێمی بورسە لەدایك بووە، بەشداربووە لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی لاوانی تورك (ئیتحادو تەرەقی)، پاش شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە بزووتنەوەی چەکداری نیشتمانی تورکی لە هەرێمی ئەزمیر، پاش ڕاگەیاندنی کۆماری لە تورکیا (١٩٢٣)، بووە بە ئەندام پەرلەمان لەسەر هەرێمی ئەزمیرو پاشان وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە حکومەت لە ساڵی ١٩٢٤دا، هەروەها ساڵی ١٩٣٢ لەکاتی قەیرانی ئابووری کراوەتە وەزیری دارایی. پاشان بووە بە سەرۆك وەزیران لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٩و ساڵی ١٩٥٠ بوو بە سێیەم سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ ماوەی (١٠) ساڵ تا کودەتای سەربازی ١٩٦٠، کە بەهۆیەوە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، بەڵام بەهۆی گەورەیی تەمەنی جێبەجێ نەکراوەو لەتەمەنی (١٠٤) ساڵیدا مردووە، بڕوانە: (د.احمد نوری نعیمی: ظاهرة التعدد الحزبی فی ترکیا ١٩٤٥-١٩٨٠، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٠، ص٢٢، ٢٣; د.ابراهیم خلیل احمد و اخرون: ترکیا المعاصرة، مدیریة دار الکتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨، ص١٦٥).

گەلی کۆماری بە کەسایەتیە سیاسییو سەربازییەکانیانەوە بۆ خودی بڕیارو ڕاسپاردەکانی ئەتاتورك، چونکە دوای مردنی لێیان لانەداو ئاژاوەو پەشێوی سیاسیش لەسەر دەسەڵات ڕووینەدا. هەروەها پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کەوا لەو سەردەمدا ئۆپۆزسیۆنو پارتی بەرهەڵستکاری نێوخۆیی بوونیان نەبووە، تاوەکو ڕکابەری ئینۆنۆ بکەن. بۆیە ئەمانە سەرجەمی لەبەرژەوەندی ئینۆنۆ بوون بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

دوای ئەوەی ئینۆنۆ بوو بەسەرۆك کۆمار، چەند پرسیارێك بەشێوەیەکی بەربڵاو دروست بوون، کە دەگوترا: ئایە ئینۆنۆ چ گۆڕانکاریەك دەکات لە سیاسەتی تورکیادا؟ و ئایە بەردەوام دەبێت لەسەر سیستمی کۆماریو بەرنامەکانی ئەتاتورك؟، بەڵام وەڵامی ئەوپرسیارانە هەرزوو ئاشکرابوون، کە ئینۆنۆ توانی بەردەوام بێت لەسەر بنچینەی ئەوسیاسەتانەی کە داڕێژرابوون، چونکە هەر لەڕۆژی دەست بەکاربوونی، دووپاتی کردەوە کەوا دڵسۆز دەبێت بۆ ئەتاتوركو درێژە پێدەری سیاسەتەکانی دەبێت[1]. جگەلەمەش لە کۆنگرەی پارتەکەیاندا لە ۲٦ی کانوونی یەکەمی ۱۹۳۸، ئەتاتورکی وەك سەرۆکی هەمیشەیی پارتی گەلی کۆماری دەستنیشانکردو نازناوی سەرۆکی نەتەوەیی (Milli sef)ی پێ بەخشی[2].

ئینۆنۆ دوای وەرگرتنی دەسەڵات چەند کارێکی نێوخۆیی ئەنجامدا، بەتایبەتی گۆڕینی نەیارەکانی لە کابینەی حکومەتو دانانی کەسانێك تەواو لەخۆی نزیك بن، وەك گۆڕینی جەلال بایارو لادانی لە سەرۆکایەتی کردنی وەزیران، هەرچەندە بۆ چەند مانگێك جەلال بایاری وەك سەرۆك وەزیران هێشتەوە، بەڵام دواتر دەستی هەبوو لەدەست پێ لەکار کێشانەوەی لە (۱۹۳۹/۱/۲٥)، وە دانانی (د.ڕەفیق سیدام) تا تەمموزی ۱۹٤۲. هەروەها هەوڵی دا بنچینەی دەسەڵاتەکەی فراوان بکات، ئەویش بەهۆی سیاسەتی خۆگونجاندن لەگەڵ سەرکردە دوورخراوەکانی ساڵی ۱۹۲٦، کە هەندێکیانی گەڕاندەوە بۆ نێوەندی دەسەڵاتو کورسی پەرلەمانیان وەرگرت[3]. ویڕای ئەمانەش بۆ زیاتر بایەخدان بە حکومەتو بواردان بۆ گفتوگۆو دەربڕینی بیروڕای جیاواز، پارتی گەلی کۆماری فەرمانڕەوا، لە کۆنگرەی پێنجەمی خۆیدا لە نێوان (۲۹-٥ بۆ ۳-

(۱) د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: م.س، ص۲٥٦.

(۲) فیروز احمد: م.س، ص۱٥۹، ۱٦۰؛ د.احمد نوری نعیمی: م.س، ص۱۳.

(۳) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.185.

٦/١٩٣٩)، ڕێگەی دا بەپێکهێنانی دەستەی سەربەخۆ لە پەرلەمان بۆ ڕەخنەگرتن لە حیزبو حکومەتدا[١].

سەبارەت بە بارودۆخی نێوخۆیی تورکیا لەلایەنی ئابووریو سیاسییو کۆمەلایەتیەوە لەسەردەمی دەسەڵات گرتنەدەست لەلایەن ئینۆنۆوە، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست بوون بەئاڵو گۆڕو گۆڕانکاریەکانەوە کە بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی هاتنە ئاراوەو ئەوەش بووەهۆی ئەوەی ئینۆنۆ لە ماوەی ساڵانی جەنگدا، هەم سەرۆكو هەم سەرۆکی وەزیران بێت، وە هەموو سیاسەتەکان لەلایەن خۆیەوە بڕیاری لێوەدەدرا[٢].

هەروەها سەبارەت بەسیاسەتی دەرەوەی تورکیاش لەسەرەتای ساڵانی دەسەڵاتی ئینۆنۆو بەرلەدەستپێکی جەنگی دووەمی جیهانی، تاڕادەیەك خۆی لەپەیوەندیەکی پارێزگارانە دەبینیەوە، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی تا ساڵی ١٩٤٥ بەم جۆرە خۆی نواند[٣]. پێمان وایە ئەمەش بۆ پاراستنی ئەو سەرکەوتنانەبووە، کە لەساڵی ١٩٢٣دا بەدەستیان هێنابوو لە بنیادنانی کۆماری تورکیادا.

بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی زیاتر لەسەرجەم لایەنە جیاوازەکانەوە لە بارودۆخی تورکیای ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥ تێبگەین، کە ماوەی یەکەمی فەرمانڕەوایەتی ئینۆنۆیە، پێویستە باسی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی بکەین.

## دووەم: ساڵانی جەنگو هۆکارەکانی بەشداریکردن لە جەنگ:

لەسەردەمی ئینۆنۆدا نزیك بوونەوەیەك هەبوو لە نێوان تورکیاو بەریتانیاو فەرەنسادا. هەر بۆیەش لە ١٢ی مایسی ١٩٣٩دا لەگەڵ بەریتانیەکان پەیمانی هاوکاریان واژۆکرد، بەمەبەستی هاوکاریکردنی یەکتری لەکاتی گەیشتنی ئاگری شەڕ بۆ نێوچەکانی دەریای نێوەڕاست. پاشان لەگەڵ فەرەنسیەکانیش لەهەمان ساڵدا پەیمانی دۆستایەتیان واژۆکردو بەمەش فەرەنسا دەستی لە لیوای ئەسکەندەرونە هەڵگرت بۆ تورکیا، کە بەپێی پەیمانی ١٩٢١ی نێوان تورکیاو سوریا خرابووە سەر سوریا[٤].

---

(١) فيروز احمد: م.س، ص١٦١.

(٢) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.185.

(٣) Ibid, P.200-201.

(٤) د.ابراهيم خليل احمد و اخرون: م.س، ص٤٤; بۆ زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (مجموعة من الباحثين السوفيت: تاريخ تركيا المعاصر، ت: د.هاشم صالح التكريتي، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧، ص٢٣٦-٢٤٧).

توركیا لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی بێلایەنی خۆی پاراست، بەڵام هەستی بەمەترسی دەكرد لەنزیك بوونەوەی هەریەك لە ڕوسیاو ئەڵمانیا، بەتایبەتی كاتێك ڕێككەوتنامەی (مۆلۆتۆڤ- ریبن ترۆپ) لە ٢٣ی ئابی ١٩٣٩ لەپڕ ڕاگەیەندراو ناوەڕۆكەكەی بریتی بوو لەوەی كە هیتلەری ئەڵمانی‌و ستالینی ڕوسی زۆر تا كەم ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایان دابەشكردبوو لەنێوان خۆیاندا. جگەلەمەش گرنگیەكی زۆردرابوو بە كاروباری ئیتاڵیەكان لە ئەلبانیا لە نیسانی ١٩٣٩، كە ئەوەش وایكرد پەیوەندی نێوان توركیاو فەرەنساو بەریتانیا زیاتر لێك نزیكترببێتەوە، ئەمانەش وایانكرد بۆ پاڵپشتی كردنی ئاسایشی توركیا لە (١٩ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٩) پەیمانی پاڵپشتی كردن‌و یارمەتی دانی توركیا واژۆبكرێت بەناوی پەیماننامەی (ئەنگلۆ-فرانكۆ-توركی)[١].

پێویستە ئەوە بڵێین لەكاتی هەڵگیرسانی جەنگ لە توركیادا سێ ئاراستەی جیاواز لەیەكتری هەبوون، ئاراستەیەك كەسایەتیە سەربازییەكان‌و دەستەو گروپە توندڕەوو ڕەگەزپەرستەكان بوون، كە لایەنگری ئەڵمانیابوون لە جەنگ، وئاراستەی دووەم دژی ئەڵمانیا بوو، چونكە پێیان وابوو لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا توركیای هەڵوەشاندبوو، بەڵام ئاراستەی سێیەم كە لە هەردوو ئاراستەكەی دیكە زاڵترو بەهێزتربوون، پێداگیریان دەكرد لەسەر پاراستنی بێلایەنیان لە جەنگ، بۆ زیاتر بنیات نانەوەی وڵات‌و ئاوەدانكردنەوەی زیاترو سوود وەرگرتن لەهەردوو لایەنی جیاوازی شەڕوانەكان لەبەرژەوەندی توركیادا. لەڕاستیشدا بۆ چوونی ئاراستەی سێیەم زیرەكانەتر بوو وسەركەوتنیشی بەدەستهێنا، بەتایبەتی كاتێك كە توركیا هەرسووربوو لەسەر پاراستنی بێلایەنی خۆیی‌و بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی یاسایەكی ڕاگەیاند بە ناوی (یاسای بەرگری نیشتمانی/ Milli korunma kanunu) لە ١٨ی كانوونی دووەمی١٩٤٠، كە بەهۆیەوە حكومەت دەسەڵاتی تایبەت‌و فراوانی پێدرا بۆ كۆنترۆڵكردنی نرخی كاڵاو دابینكردنی پێداویستیەكانی بازاڕو بەكارهێنانی بەشێوەیەكی تایبەت[٢]. لەهەمان كاتیشدا بۆ پارێزگاری كردن لە بێلایەنی‌و بەشداری نەكردن لە جەنگ. لەڕاستیشدا ئەمە سیاسەتی پێشینەی ئینۆنۆ خۆی بوو هەر لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵات لە ١٩٣٨[٣]، كە ئەو یاسایەی وەك سەرەتایەكی

(١) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.203.

(٢) فیروز احمد: م.س، ص١٦٢.

(٣)د.احمد نوری نعیمی: م.س، ص١١.

سیاسەتی ناوخۆییو دەرەکی خۆی ڕاگەیاندبوو، پاشان لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە بەفەرمی ڕاگەیەندرا.

ئەڵمانیا تا دەهات دەسەڵاتی لە زیادبوون دابوو، زۆربەی نێوچەکانی بولگاریاو ڕومانیاو یۆنانو سوریا تا سنوورەکانی تورکیای داگیرکردبوو، هەربۆیە تورکیا بۆ خۆپاراستن لە ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی، وەدوای ئەوەی تا دەهات دەسەڵاتی ئەڵمانەکان فراوانتردەبوو، زیاتر نزیك بوو بوونەوە لە سنورەکانی تورکیا، بۆیە هەستا بەبەستنی پەیماننامەیەك لەگەڵ ئەڵمان لە (١٨/٦/١٩٤١) بۆ ماوەی دە ساڵ، وە پەیمانێکی بازرگانیشی لەگەڵ گرێدا، جگە لەمانەش بڕیاری دابوو تەنگەبەرو دەربەندەکان بەداخراوی بهێڵێتەوە لەبەرەی سوپای شەڕوانەکان[1]. واتە ڕێگەنەدان بەهیچ لایەنێکی شەڕوانەکان بۆ بەکارهێنانیان لە جەنگدا.

لەساڵی ١٩٤١دا هاوپەیمانان هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی تورکیا بەشداری شەڕ بکات، بەتایبەتی دوای بەستنی کۆنگرەکانی مۆسکۆو تاران لە ساڵی ١٩٤٣دا ڕۆزفلتو چەرچل فشارێکی زۆریان خستە سەر (عیصمەت ئینۆنۆ) بۆ ئەم مەبەستە، ئەویش دەیزانی تەرازووی هێزی شەڕ بەلای هاوپەیماناندایە بەتایبەتی دوای بەشداری کاریگەری ئەمەریکا لە شەڕەکەدا، تورکیا سەرەتا هاوکاربوو لەگەڵ ئەڵمانەکان، کە دەیدیت لە جەنگدا سەردەکەون، بەڵام دوای ئەوەی شکستیان خوارد لە ستالینگراد لە ١٩٤٢و دواتر کە دۆڕان لە ٢ی ئابی ١٩٤٤ پەیوەندی لەگەڵدابڕین. بۆیە لە (٢٢ی شوباتی ١٩٤٥) بڕیاریدا بچێتە پاڵ هێزی هاوپەیمانانو لە ڕۆژی ١ی ئازاری ١٩٤٥دا بەشێوەیەکی فەرمی شەڕی ڕاگەیاند[2]، لە دژی بەرەی میحوەر.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت تورکیا تا نزیك بەکۆتایی جەنگ بێلایەنی خۆی پاراست، ئەمەش هەڵبەزوو دابەزی سیاسەتی ئەوقۆناغەی تورکیامان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە خۆی لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیەکان دەبینیەوە، واتە دانەپاڵ براوەکانو دوورکەوتنەوە لە دۆڕاوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لەدوای جەنگ.

لێرەدا بەپێویستی دەزانیین هۆکارەکانی بەشداری تورکیا لە جەنگو ڕاگەیاندنی جەنگ بەشێوەیەکی فەرمی لەبەرەی هاوپەیماناندا بخەینەڕوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەشداری تورکیا

(١) مجموعة من الباحثين السوفيت: م.س، ص٢٥١.

(٢) د.ابراهيم خليل احمد و د.خليل علي مراد: م.س، ص٢٥٦; بۆ زیاتر دەربارەی پەیوەندی نێوان تورکیاو ئەڵمانیا لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بڕوانە: (مجموعة من الباحثين السوفيت: م.س، ص٢٥٨-٢٦٥).

زیاتر ڕووكەشی بوو تا ئەوەی بەشدارییەكی كرداری بێت، بەڵام چەند هۆكارێك پاڵنەر بوون لە وەی توركیا بچێتە جەنگەوە هەتا بەشێوەی ڕووكەشیش بوبێت، كە گرنگترینیان ئەمانەبوون:

١- پاراستنی دەستكەوتە نیشتمانیو نەتەوەییەكانو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە باڵاكان لە دوای جەنگ. بەتایبەتی كاتێك بەرەكانی جەنگ یەكلایی كرابۆوەو هەستكردن بەئەگەری زۆری سەركەوتنی هاوپەیمانان لە جەنگ.

٢- بەڵێنی هاوپەیمانان بۆ بەشداری پێكردنی توركیا لە كۆنگرەی كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكانو شوێن كردنەوەی تیایدا كە پێشنیار كرابوو دابمەزرێ، ئەوەبوو توركیا وەك ئەندامێكی ڕەسەن وەرگیرا لە (١٥ی ئابی ١٩٤٥)دا.[١]

٣- شكستی ئەڵمانەكانو گۆڕینی هەڵوێستی جەنەڕاڵەكانی سوپا لە هاوكاریكردنیان، چونكە پێشتر زۆر لەژێر كاریگەری هیتلەر دابوونو موعجیب بوون بەلایەنی میلیتارییەتی ئەڵمانەكان لەسەرەتای جەنگ، بەڵام دواتر ڕووداوەكان ئەم كاریگەرییەیان كاڵ كردەوە لەسوودو بەرژەوەندی هاوپەیمانان[٢].

## سێیەم: جەنگو كاریگەریە ئابووریو كۆمەڵایەتیەكانی لە توركیا:

هەرچەندە توركیا بەڕووكەشیش بێت لە جەنگی جیهانی دووەمدا بەشداری كردوو یا هەرهیچ نەبێت تێوەگلا، بەڵام ئەوە زۆر بەگران لەسەری وەستایەوە لە لایەنی ئابوورییەوە، چونكە ناچاربوو سوپایەكی گەورەی یەك ملیۆنی هەبێت، كە ئەمەش پێویستی بەچەكو تەقەمەنیو خواردن بۆ دابینكردن هەبوو، لەبەرئەوە كاریگەرییەكی خراپی كردە سەر بارودۆخی ئابووریو خۆیشی لەوسەردەمدا بارێكی ئابووری خراپی هەبوو، بەتایبەتی كاتێك بەهۆی جەنگەوە بازرگانی دەرەكی وەستابوو، جگە لەمەش هێزی كار بەهۆی بەشداری كردنیان لەڕیزەكانی سوپادا لەكەمی دابوو. بەمەش جەنگ ئابووری توركیای گۆڕی بۆ ئابووریەكی جەنگی[٣]، چونكە بەروبوومی پیشەسازی لەوماوەیەدا بە بەراوورد لەگەڵ ساڵانی پێش جەنگ بەتەواوی كەمی كردبوو، بۆ وێنە: بەروبوومی پیشەسازی لە ساڵی ١٩٣٩ ٤٠٪ بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٤٤ تەنها ٨, ٣٢٪ بووە[٤].

---

(١) د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: م.س، ص٢٥٨.

(٢) نوبار هوفسبیات، فیروز احمد، ساجلار كیر، هوری اسلاموجلو، احمد شیم: تركیا بین الصفوة البیروقراطیة و الحكم العسكری، ساهم فی اعداده و راجعه: غانم بیبی، سامی الرزاز، ط١، مؤسسة الابحاث العربیة، دیسمبر/ كانون الآول ١٩٨٥، ص١٦٠.

(٣) د.ابراهیم خلیل احمد و اخرون: م.س، ص٤٥.

(٤) مجموعة من الباحثین السوفیت: م.س، ص٢٨١.

بۆیە لەوقۆناغەدا بارودۆخی ئابووری توركیا لەتەنگژەدابوو، جگە لەمەش ئەوبارە ئابوورییەی وولات ڕەنگی دابۆوە بەسەر لایەنی كۆمەلایەتیو پێكهاتەی چینو توێژە جیاوازەكانی كۆمەلگا، كە لەلایەك تەنگژەی لایەنە ئابوورییەكە لەوەدابوو نرخی كەلو پەلو خواردەمەنیو كالاو پێداویستییەكانی ڕۆژ لەسەر هاولاتیان یەكجار زۆر بەرز بوبۆوە، لە هەمان كاتیشدا نرخی دراوی توركی لە دابەزینی دابوو، لە لایەكی دیكەشەوە لایەنە كۆمەلایەتیەكە وەك بەرەنجامێكی سیاسەتە ئابووریە خراپەكانی دەولەت، كە بەناوی ڕاگرتنی بارە ئابوورییەكەو ڕێكخستنەوەی، كەوتە دیاریكردنی نرخی دانەوێلەو كالاكاكانی دیكەو بەجۆرێك كە حكومەت لەنیوەی دووەمی جەنگدا لە نێوان سالانی ١٩٤٢- ١٩٤٤ بەتەواوی كۆنترۆلی نرخ لە بازارەكان بكاتو ئەمەشی زیاتر لەسەر شانی جووتیاری هەژارو چینەكانی خوارەوەی كۆمەلگابوو[١]، لەڕاستیدا ئەمانە بارودۆخەكەیان ئالۆزتركرد، بەتایبەتی سالی ١٩٤٢ بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخو پالەپەستۆی دراوی، حكومەت بەتەواوی دەستی خستبووە بازارەوە، بەجۆرێك دەستی گرتبوو بەسەر دابەشكردنی نان وەك یەكێك لەگرنگترین پێداویستیەكانی ژیان[٢].

بەلام لەگەل ئەوەشدا حكومەت هەولێدا هەنگاوی پێویست بنێت بۆ چارەسەركردنی بارودۆخەكە، بەتایبەتی كاتێك ئینۆنۆ لە ووتاری كردنەوەی دانیشتنی نوێی پەرلەمان لە ١/١١/١٩٤٢ ئاماژەی بۆ بازاڕی ڕەشو گرفتەكانی گرانی بازاڕو باری ژیان كرد، هەر دوای (١٠) ڕۆژ تێپەڕبوون بەسەریدا، پەرلەمان لە دانیشتنێكی دیكەی دا بەكۆی دەنگ بڕیاری لەسەر یاسای باجی سەرمایەداریداو ئەمەش بەشێوەیەكی بەرفراوان كاریگەری لەسەر بازرگانو خاوەن مولكە كشتوكالیەكان دانا لەماوەی جەنگدا، لەهەمان كاتیشدا سالی ١٩٤٣ باجی لەسەر كشتوكالو بەروبوومە كشتوكالیەكانیش دانا[٣].

بۆیە لەم قۆناغەداو بەهۆی سیاسەتەكانی حكومەت، چینێكی دەولەمەندو خاوەن مولكو سەرمایە زیاتر بەدەركەوتنو كەوتنە خۆ دەولەمەندكردنو قۆرغكردنی شتو مەكو دانەوێلە، هەربۆیەش زۆربەی خەلك لە هەژاریو نەبوونییەكی توند دەیان نالاند، وئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە كە باری ئابووریو داراییو بژێوی ژیان لە نەهامەتیدا بوو، نرخی خواردەمەنیو كەلوپەل یەكجار زۆر بەرزبۆوە، ئەمەش بووە هۆی نەبوونیو بلاوبوونەوەی هەژاری بە شێوەیەكی بەرفراوان، بەتایبەتیش بەهۆی دانانی باجەكان لەكاتی جەنگو پاش جەنگیش لە ١٩٤٦دا لەسەر مالو مولكو ...هتد[٤].

---

(١) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.199, 207.

(٢) مجموعة من الباحثين السوفيت: م.س، ص٢٤٥.

(٣) فيروز احمد: م.س، ص١٦٢.

(٤) نريار هرفسبيات و اخرون: م.س، ص٣١.

جگە لەمانەش، کێشەی نەتەوایەتی کورد هەر لەئارادابوو، کە داوای مافی سەربەخۆیی‌و ئازادیان دەکرد. لە ڕاستیدا ئەم بارودۆخە کاریگەری نەرێتی بەسەر لایەنی تەنگژە سیاسیەکانی وولات‌و دارایی‌و سەربازیدا هەبوو. هەروەها کورد لەلایەنی سیاسی‌و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە قۆناغی دوای جەنگیش زیاتر بووە جێی چاوتێبڕینی پارتەکانی تورکیاو هەریەکەو هەوڵی دەدا بەلای خۆی ڕای بکێشێت لە پرۆسەی دەنگداندا[1].

بەکورتی لەقۆناغی جەنگدا حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، چەند کارێکی کرد، وەك[2].

١- سنووردانان بۆ ئازادی تاك.

٢- دەسەڵاتی فراوانی بەخشیە هێزەکانی پۆلیس بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزاییەکان.

٣- حوکمی عورفی لە هەندێك لە ویلایەتەکاندا ڕاگەیاند.

بەتایبەتی لە نێوچەکانی کوردستانی تورکیادا ئەم سیاسەتانە بەتوندی پەیڕەوییان لێدەکرا، بەو مانایەی بارودۆخەکە بەبەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی تورکیادا زۆر خراپتربووە، بەسەرنجدان بەلایەنی ئابووری‌و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی پتر خراپی بارودۆخەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆ نمونە: لە ساڵی ١٩٤٨دا نێوچەی دەرسیم وێرانترین‌و دواکەوتوترین شوێن بووە لە تورکیادا، لەباری سەپاندنی زۆری باجی ئابووری‌و نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی‌و پەروەردەیی‌و دواکەوتوویی لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی[3].

هەموو ئەمانەش هێزی فشارییان دروستکرد بەئاراستەی داواکردنی بەشداری سیاسیی لە فەرمانڕەواییی وولاتدا، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی جەنگ‌و سەرکەوتنی هاوپەیمانان‌و گۆڕان لە سیاسەتی نێودەڵەتی‌و نێوچەکە، کە زیاتر پێگەی جیۆسیاسی تورکیای بەدەرخست‌و هاتنە مەیدانی بۆ نێو گەمەسیاسیە نێودەوڵەتی‌و نێوچەییەکاندا بەرەو پێشتر برد، بەڵام لەسەر ئاستی نێوخۆیی تورکیا وەك ووتمان ناڕەزایی‌و بیروبۆچوونی سیاسیی جیاواز بەدەرکەوتن، کە پێویستی بە چاکسازیەکی سیاسیی‌و گۆڕانی نێوخۆیی هەبوو، بەمەش قۆناغێکی نوێ لە ماوەی دووەمی فەرمانڕەوایەتی ئینۆنۆ سەری هەڵدا، کە بەقۆناغی فرەحیزبی ناسراوە.

---

(١) بۆ زیاتر بڕوانە: (م.ئە.حەسرەتیان: یاسا دەستوورییەکانی تورکیاو کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە: د.دلێر ئەحمەد، چ١، مەڵبەندی کوردۆلۆجی (٦)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦٣-٦٧) ; (د.وەدیع جوەیدە: س.پ، ل٤٦٧).

(٢) د.ابراهيم خليل احمد و اخرون: م.س، ص٤٩.

(٣) کۆمەڵێك نووسەری کورد و بیانی: س.پ، ل١٤٩، ١٥٠.

## بەشی دووەم

## سەردەمی فرەحیزبیو هۆکارەکانی گەشەسەندنیانو کاریگەریان لە بارودۆخی سیاسیدا ١٩٤٥-١٩٥٠:

### یەکەم: هۆکارەکانی گەشەسەندنو سەرهەڵدانی فرە حیزبی:

یەکێك لە ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، ئەوەبوو کە خەڵکی توركیا سیاسەتی تاك پارتی ڕەت دەکردەوەو کاری دەکرد بەرەو فراوان بوونی چالاکی سیاسیو ڕازیکردنی حکومەتی توركیا بەسیستەمی فرە حیزبی. ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە خەڵك بەگشتی بێزاربوون لە حوکمی تاکە حیزبی، بۆیە خەڵك بەگشتیو سیاسیە لیبڕاڵەکانی توركیا بەتایبەتی، داوای چاکسازیو هەنگاونان بەرەو دیموکراتیەتو ئازادیە دەستوریەکانیان دەکرد لە وڵاتدا.

هەرچەندە کەمالیزم تا دوای جەنگی دووەمی جیهانی نەیتوانیبوو هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە لە چینە کۆمەڵایەتیەکانی توركیادا بکاتو بۆرجوازیەت دروست بکاتو سەرمایەداری بەباشی ڕێك بخات، بەڵام لەدوای جەنگ کاتێك بەم کارانە هەڵساو بۆرجوازیەتی دروستکردو سەرمایەداری ڕێکخست، بووەهۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوخۆییو جیاوازیە چینایەتیە کۆمەڵایەتیەکان لە توركیادا[1]. هەروەها ڕای گشتی داوای لابردنی یاسای ئیستثنائیو پێدانی ئازادییە دیموکراتیەکانو نەمانی چاودێری دەوڵەتیان لەسەر ڕۆژنامەوانی دەکرد، وەپێدانی مۆڵەت بۆ دروستکردنی پارتی سیاسیو سەندیکای کرێکارانو چاککردنی بارودۆخی ئابووری وڵاتیان دەکرد[2]. ئەوانەش سەرجەمیان بەسەر یەکەوە بارودۆخێکی نوێیان لە توركیادا خوڵقاند، کەوا ناچاری کرد شان بەشانی گۆڕانکارییە نێوخۆییو جیهانیەکان هەنگاوی نوێ بەرەو گۆڕان بنێت، بەتایبەتی لە بارەی فرە حیزبی لە توركیادا.

بۆیە ئەوەی زیاتر ڕێگەی خۆشکرد بۆ هەنگاونانی توركیا بەرەو ژیانی فرەحیزبی، ئەوەبوو کەوا ڕژێمی تاك پارتی لە هەریەك لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیاو ئیتاڵیادا هەرەسیان هێنابوو، وە ئەوەی زیاتر کەشو هەوای فرەحیزبی خۆشکرد، ئەو پەیوەندیە توندو تۆڵو دۆستانەیەی نێوان توركیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکابوو، ئەم پەیوەندیەش لە دوای فشاری سۆڤیەت دروست بوو بۆ سەر توركیا بە نیوی هەڵسوڕاندنی کاروباری تەنگەبەرەکان، کە ئەوەش بەمانای

(١) نوبار هوفسبيات واخرون: م.س، ص١٢٤.

(٢) د.أسامة الغزالي حرب: ألاحزاب السياسية فى العالم الثالث، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطنى للثقافة و الفنون وألآداب-الكويت، سبتمبر ١٩٨٧، ص١٠١.

هەڕەشەبوو بۆسەر بەرژەوەندیە ئابووریو سیاسیەکانی ئەمەریکا لە نێوچەکەدا، لەڕاستیشدا چەند هۆکارێك کاریگەربوون بۆ لێك نزیك بوونەوەی زیاتری تورکیاو ئەمەریکا، وەك: لایەنی جوگرافیا کە تورکیا دەکەوێتە نێوان ئاسیاو ئەورپاو سنووری هاوبەشی لەگەڵ سۆڤیەتو ستراتیجیەتی گەرووەکانو...هتد[١].

لەم قۆناغەدا جەنگی ساردو گۆڕانکاریەکان لەم چوارچێوەیەدا، کاریگەریەکی زۆریان بەسەر تورکیاوە هەبوو، هەروەها تورکیا بەهۆی بیروبۆچوونەکانی ئەتاتورکەوە زیاتر بەلای وڵاتانی ڕۆژئاواوە دایدەشکاند، بەهەمان شێوەش بەهۆی زیاتر بوونی مەترسیەکانی سۆڤیەت لەنێوچەکانی ڕۆژهەڵاتو بەهێزبوونو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ژێردەستە، زیاتر ستراتیژییەتی تورکیای بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتیو ئەمەریکا بەتایبەتی دەرخست، چونکە ئەمەریکا لەڕێگای تورکیاو گرنگیدانو هاوکاریکردنی، بۆ جێ پێ قایمکردنی خۆی بوو بۆ ئەوەی دژایەتیکردنەکانی لەوێوە ئاراستەی سۆڤیەت بکات. وتورکیاش باش لەوە گەیشتبوو بەرژەوەندی ساسییو ئابووری لەوەدایە، کەوا پەیوەندی باشی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەبێت بەتایبەتی لەگەڵ ئەمەریکادا، بەمەبەستی وەرگرتنی هاوکاری داراییو بنیاتنانی ئابوورییەکی پتەو. لەسەر بنەمای پرۆژەی ترۆمان، بۆ یارمەتیدانو پاڵپشتی کردنی نەتەوە سەربەخۆکان کە دژی کۆمۆنیستی کاردەکەن[٢].

هەروەها پرۆژەی مارشال کەوابووە هۆی ئەوەی تورکیا لەڕێیەوە داواکارییە ئابووریو ساسییو سەربازیەکانی خۆی لێوەدەست بهێنێت، کە لەبنچینەشدا یارمەتیە ماددیەکان بۆ زیادکردنی بەروبوومی کشتوکاڵیو کڕینی مەکینەو کەلو پەلی کشتوکاڵی بووە[٣]. بۆیە لەدوای جەنگ پەیوەندی نێوان تورکیاو ئەمەریکا بەتایبەتی لەساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٨ گەیشتە پلەی زێڕینی خۆی، کە بەهۆیەوە تورکیا یارمەتیە داراییەکانی ئەمەریکای بەدەستهێنا بەبڕی (٨١) ملیۆن دۆلار[٤].

---

(١) محمد نوردەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، و. ئازاد بەرزنجی، چ١، چاپوئۆفسێتی دەزگای چاپوپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣١١؛ نوبار هوفسبیات و اخرون: م.س، ص٢٨٤.

(٢) د.ابراهیم خلیل احمد و اخرون: م.س، ص٤٧.

(٣) ئەیوب ئەمیر کەواسمی (مامۆستای کۆلێجی زانستەکۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی تەورێز- ئێران): پەرینەوە لە سستمی تاکە حزبەوە بۆ سستمی فرەحزبی لە تورکیا، وەرگێرانی لە فارسیەوە:نەبوبەکر خۆشناو، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە (١)، ساڵی چوارەم، نیسانی ١٩٩٥، ل٩٧، ٩٩.

(٤) نوبار هوفسبیات و اخرون: م.س، ص٢٨٦.

بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، کە تورکیا لەم قۆناغەداو لەساڵانی دواتریشدا بەردەوام هەنگاوەکانی بۆ خۆنزیك کردنەوەی زیاتربووە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەم ڕوانگەشەوە تورکیا یەکەم وڵاتی موسڵمان بوو کە لە ٢٨ی ئاداری ١٩٤٩ دانی نا بە دەوڵەتی ئیسرائیل[1].

لەم ڕوانگانەشەوە، هەرزوو عیصمت ئینۆنۆ لە ١٩ی ئایاری ١٩٤٥ ئامادەیی خۆی نیشاندابوو کەوا بوار دەدات بە دروست بوونی پارتی ئۆپۆزسیۆن بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر جیهاندا دێت، بەتایبەتی لەسەر کەوتنی دیموکراتیەت بەسەر فاشیەت وەك بەرەنجامێکی جەنگی دووەمی جیهانی، وە لەهەمان کاتدا ئینۆنۆ ئاماژەی بە خاڵی لاوازی ڕژێمی تورکیا کردبوو، کە ئەویش نەبوونی پارتی بەرهەڵستکارە[2]. ئەم هەڵوێستەشی لە ئاکامی ناڕەزایی‌و خۆپیشاندانەکانی نێوخۆوە دەربڕیبوو، بەتایبەتی لە نێوانی ساڵانی (١٩٤٠-١٩٤٥) برسێتی‌و بێدەرەتانیەکی زۆر ڕوویدابوو، پێی وابوو نەرمی نواندن چارەسەری بارودۆخەکە دەکات‌و ئاسایی دەکاتەوە.

بێگومان ئەم نەرمی نواندنەی ئینۆنۆ نەبۆتە مایەی کرانەوەو بوژاندنەوەیەکی لایەنی سیاسیی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی یەکی بەهێز بۆ نێوچەکانی کوردستانی تورکیا، هەرچەندە گڕوتینی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێران‌و دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان لە مهاباد، ئەو ترسەی خستبووە دڵی فەرمانڕەوای تورکیاشەوە[3]، بەڵام بەوڕادەیەش نا کە تەواوی مل دان بەو گۆڕانکارییە نێوخۆییانە لەترسی کوردو بۆ بەرژەوەندی کوردیش بوویێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە هەرچەندە هۆی دەرەکی کاریگەربوو بۆ ڕازی بوونی دەسەڵاتدارانی تورکیا بە ئەنجامدانی گۆڕانی سیاسی لە وڵاتدا، بەڵام هەندێك هۆی ناوخۆیش هەبوون کە پێمان وایە کاریگەریان لە هۆ دەرەکیەکان گەر زیاتر نەبووبێت، ئەوا کەمتریش نەبوون لە ئاراستەکردنی حکومەتی تورکیا بەرەو کرانەوەو گۆڕانکاری سیاسی لە نێوخۆدا، بەتایبەتی وەك: هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانی سیاسی نێوان کەمینەی بیرۆکراتی سەربازی‌و خاوەن موڵکدارە گەورەکان‌و بۆرجوازیەکان، کە لە ڕاستیدا بارودۆخێك هاتبووە ئاراوە لە توانادا نەمابوو چیتر لێی بێدەنگ بن.[4] هەروەها پوکانەوەی ئیسلام‌و سەرکوتکردنی‌و

(١) محمد نورەدین: س.پ، ل٣٦٨.

(٢) د.احمد نوری نعیمی: م.س، ص١٨.

(٣) م.نە.حەسرەتیان: س.پ، ل٦٣.

(٤) بۆ زیاتر بڕوانە: (تەیوب تەمیر کەواسمی: س.پ، ل٩٥-٩٦) ; (د.أسامة الغزالي حرب: م.س، ص١٠٠-١٠٣).

لاوازبونیان بەدرێژایی دەسەڵاتی ئەتاتورك‌و پاشان تاساڵانی ١٩٤٧ درێژەی كێشاو ئەمەش لەسەر ڕەوتی سیاسی توركیاو حكومەت زیاتر كاریگەریان بەدەركەوت‌و بوون بەكێشەیەكی سەرەكی لە توركیادا، وەك ڕكابەرێكی سەرسەختی ئەتاتورك‌و ڕێبازەكەی.[١] چونكە عەلمانیەتی تورك لەسەر بنەمایەكی فەلسەفی نەبووە، بەڵكو لەسەر بنەمای دژایەتیكردنی ئیسلام‌و زمانی عەرەبی بووە، هەربۆیەش بۆ چوونە ئیسلامیەكان وەك پەرچەكردارێك هاتبوونە ئاراوە[٢].

گۆڕانی نێوخۆییش بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات كاریگەری خۆی هەبوو، چونكە توركیای پاش ساڵی ١٩٤٥ جیاواز بوو لە ساڵانی (١٩٢٣-١٩٤٥)، كە لەم قۆناغەدا پارێزەران، پیاوانی كار، خاوەن زەویە گەورەكان، سەندیكاكان، جوتیاران‌و كارگەرانی پیشەسازی، سەرجەمیان داوای بەشداری‌و چالاكی نواندنیان دەكرد لە ژیانی سیاسیدا.[٣] هەروەها بوژانەوەی لایەنی پەروەردەیی‌و خوێندن‌و ناردنە دەرەوەی خوێندكار بۆ دەرەوەو برەودان بە خوێندن‌و خوێندەواری كاریگەری بەرچاوی هەبووە بەسەر پرۆسەی سیاسی لە توركیادا. جگە لەمانەش بەردەوامی ناڕەزاییە نێوخۆییەكان‌و فشاری لایەنی ئابووری‌و كۆمەڵایەتی، بەتایبەتی ژیانی جووتیاران هیچ گۆڕانێكی واگەورەی بەخۆوە نەبینی بوو، كەوا ٨٠ ٪ی ڕێژەی دانیشتوانیان پێك دەهێنا لە توركیا[٤]، بەتایبەتیش دابڕانی حكومەت‌و گەل لەیەكتری‌و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی‌و گرانی گوزەران‌و...هتد، بەتایبەتیش مەسەلەی دیموكراسی‌و مافی مرۆڤ‌و یاسا ئابووریەكانی تایبەت بە بازاڕ[٥].

دەتوانین بڵێین توركیا بەمانا كەمالیەكەی چەند چاكسازیەكی ئەنجامدا لەلایەنی ئابووری‌و سیاسیی‌و كۆمەڵایەتی، بۆ ڕامالینی نەیارانی حكومەت‌و چاككردنی بارودۆخەكانی دوای جەنگ، چونكە سەرگرتنی ئابووری سیاسیی كەمالیزم تەنها پاش ساڵی ١٩٤٥و سەركەوتنی دیموكراسیە

---

(١) بۆ زیاتر دەربارەی كێشەی ئیسلام لە توركیادا، بڕوانە: (عەباس خۆشناو: ململانێی ئیسلام‌و عەلمانیەت لە توركیا، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەولی)، ژمارە (٣)، ساڵی شەشەم، گۆڤارێكە لەكاروباری ستراتیج، ئابووری جیهان‌و سیاسەتی دەولی دەكۆڵێتەوە، ئابی ١٩٩٨، ل١٧٨-٢١٥).

(٢) محمد نورەدین: س.پ، ل٤٩، ٥٠ ; بۆ زیاتر بڕوانە: (هدی درویش: م.س، ص١٣٧-١٥٧).

(٣) د.أسامة الغزالي حرب: م.س، ص١٠١، ١٠٢.

(٤) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.206.

(٥) ئەم بارودۆخە لە دەیەی كۆتایی سەدەی بیستەمیش لە توركیادا هەر درێژەی هەبوو، لەم بارەیەوە بڕوانە: (سەردار ئالیاماچ: توركیا: دیموكراسی، مافی مرۆڤ‌و ئابووری بازاڕ، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە: حەسەن عەبدوڵلا عومەر، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی كوردستان، ژمارە (٤)، ساڵی شەشەم، تشرینی دووەمی ١٩٩٨، ل١٣٨-١٤١).

لیبرالەکان یەکلابۆوە، لەسایەی ئەمەشدا تورکیا سیستمی فرەحیزبی سیاسییو ئابووریەکی تێکەڵاوی وای دامەزراند کە تێیدا کەرتی دەوڵەت ملکەچی کەرتی تایبەت کراو ئەمەش بووەهۆی بەهێزبوونی بۆرجوازیەت لە تورکیادا[1].

بۆیە پێمان وایە لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارە نێوخۆییو دەرەکیانەی کە بەگشتی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆیانکرد، هەنگاوەکان نزیك بوونەوە بۆ دامەزراندنی پارتی بەرهەڵستارو سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆیی، چونکە لەوقۆناغەدا کەمالیەکان نەیان دەتوانی خۆیان لادەن لەم گۆڕانکاریانەو لایەك بەلای دیموکراتیەتدا نەکەنەوە، بۆیە بەناچاری ئەم کارەیان پەسندکرد.

## دووەم: دامەزراندنی پارتەکان:

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا سەرەتای دروست بوونو سەرهەڵدانی پارتایەتی لەنێو خودی پارتی فەرمانڕەواوە (پارتی گەلی کۆماری١٩٢٣/١٩٥٠) دەستی پێکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەشێك لە ئەندامانی پارتەکەو هەروەها نوێنەر لە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیادا، وەك: (جەلال بایار، عەدنان موندەریس، فوئاد کوپرلو، ڕەفیق کور ئاڵتان)، لە ڕۆژی ٧ی حوزەیرانی ١٩٤٥دا ڕاپۆرتێکیان لە شێوەی یاداشت پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەی تورکیایان کردوو تیایدا ڕەخنەیان لە پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی پارتی فەرمانڕەوا گرتبوو، وە داوایان کردبوو کە بە خۆداچوونەوەیەك هەبێت لە هەموو ئەو یاسایانەی کەوا ڕێگرن لە هەنگاونان بەرەو دیموکراتیەت، وەداوای چەسپاندنی ئازادییە دیموکراتیەکانیان کردبوو بە شێوەیەکی بەر فراوان، بەڵام ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە ئەم داوایەیانی ڕەتکردەوە، بەڵام ئەم نوێنەرانە سوور بوون لەسەر داواکاریەکانیان، بۆیە ڕووبەڕووی دەرکردن بوونەوە لەپارتو پاشان سەرجەمیان بەناچاری دەستیان لەکار کێشایەوە[2]. بەمەش ئاراستەیەکی نوێیان گرتەبەر کە دواتر خۆی لە پارتی دیموکراتیدا بینیەوە.

وە لەم قۆناغەدا کۆمەڵێك پارت هاتنە دامەزراندن، کە هەندێك پارتی سیاسییو ئیسلامیو هەندێکی دیکەشیان سۆسیالیستیو نەتەوەییو ...هتد بوون، کە گرنگترینیان ئەمانە بوون:

١-پارتی گەشەپێدانی نەتەوەیی (Kalkinma Ve milliyetcte partisi): هەندێك لەنەتەوە پەرستانی تورك، کە هەڵگری ڕێبازی ئاینی بوون، داوایەکیان پێشکەشکرد بۆ

---

(١) فەرزۆ ئەحمەد: ئابوریی سیاسیی کەمالیزم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: خەلیل بەکر مەحمود، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردستان، ژمارە (٢)، ساڵی شەشەم، مایسی١٩٩٨، ل١٠٢؛ محمد نورەدین: س.پ، ل٨٧.

(٢) فیروز احمد: م.س، ص١٧٠-١٧٥.

دمەزراندنی پارتێکی سیاسی نوێ لە تورکیادا وەك پارتێکی بەرهەڵستکار، ئەوەبوو حکومەت لە ١٨ی تەمموزی ١٩٤٥ ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بە دامەزراندنی ئەم پارتە، دامەزرێنەرەکانیشی: (نوری دمیراكو حسین عەونیو جەواد ڕەفعەت) بوون. کە یەکەم پارت بووە لەوقۆناغە دامەزراوە[1].

٢- پارتی سوسیالیستی تورکی (Turkey sosyalste partisi): زیاتر لە پێنج پارتی سیاسی بەم ناوە دامەزران، بەڵام گرنگترینیان ئەو پارتە بوو کە (ئەسعەد عادل) دای مەزراند لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە ١٤ی ئایاری ١٩٤٦دا، وە ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد بەناوی ڕاستی (Haqeqet)، بەڵام ئەم پارتە تاوانبارکرا بە پروپاگەندەکردن بۆ بیری شوعیەت، لەبەرئەوە دامەزرێنەرەکەی ڕووبەڕووی گرتنو ڕاوەدوونان بوو، وە چەند جارێك درایە دادگاو سەرەنجامیش لەساڵی ١٩٥٢ پارتەکە داخرا[2].

٣- پارتی کرێکارانو جوتیاران (Isci ve Giftci firkasi partisi): د.شەفیق حسن دەمیر (سکرتێری حیزبی شیوعی نهێنی تورکی)، هەڵسا بەدامەزراندنی ئەم پارتە لەگەڵ هاوڕێکانی لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٤٦، ڕۆژنامەیەکیشیان دەردەکرد بەناوی سەندیکا (syndica)و گۆڤارێکیش بەناوی جەماوەر (Halk)، بەڵام هەرزوو ئەمانیش تاوانبارکران بە بڵاوکردنەوەی بیری شوعیەت، بۆیە دەسەڵاتداران ئەم پارتەشیان داخست[3].

٤-پارتی نەتەوە (omate partisi): ئەم پارتە مارشاڵ (فەوزی چەقماق) دای مەزراند، کە داوای یەکێتی نیشتمانیو ڕێزگرتن لە شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلامی دەرکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا بڕواشی بە پرەنسیپەکانی ئەتاتورك هەبوو[4].

٥- پارتی دیموکراتی (Demokraty partisi): دوای دەرکردنی بەشێك لەکادیرانی پارتی گەلی کۆماری لەسەر داواکاریەکانیان بۆ گۆڕانکاری، ئەوەبوو لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٦

---

(١) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.211.

(٢) د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: م.س، ص٢٦٧.

(٣) م.ن، ص٢٦٧.

(٤) ئەم پارتە لە ساڵی ١٩٥٧داو لەدوای هەڵبژاردنەکان لەگەڵ پارتی لادێ نشینی جوتیاری یەکیان گرت کە لە ١٩ی ئایاری ١٩٤٦وە دامەزرابوو بۆماوەیەك بوو لە چالاکی وەستابوو پاشان لە ساڵی١٩٥٢سەری هەڵدابۆوە، لەبەرئەوە ناوی پارتە یەکگرتووەکە بوو بە (پارتی نەتەوەیی جوتیاری کۆماری)، پاشان لە ساڵی ١٩٦٥ دووبارە ناوەکەی بۆ (پارتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی) گۆڕاو ئەلپ ئەرسەلان تورکیش بوو بەسەرۆکی، کە بەتوندڕەوو دژ بە شیوعیەت ناسرابوو. بڕوانە: (د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: م.س، ص٢٦٧).

پارتێکیان دروستکرد بەناوی (پارتی دیموکراتی)[١]. ئەم پارتە لەسەرجەم پارتەکانی دیکەی توركیا بەهێزتربوو، وە تاکە پارتی بەرهەڵستاری سەرسەختی پارتی گەلی کۆماری فەرمانڕەوابوو، هەربۆیە دواتر چۆکی پێداداو توانی لەدەسەڵاتدا شوێنی بگرێتەوەو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ (١٩٥٠-١٩٦٠) فرمانڕەوایەتی توركیا بكات.

جگە لەم پارتانە هەر لەو سەردەمەدا چەند پارتێکی دیکەش دامەزران، بەڵام گرنگیەکی ئەوتۆیان نەبوو، لەوانەش: پارتی داد پەروەری کۆمەڵایەتی، پارتی لیبڕاڵی توركی، پارتی کشتکارو جوتیارەکان، پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی، پارتی نیشتمانی، پارتی پارێزگاریکردن لە ئیسلام، پارتی مێڵالی ١٩٤٦، پارتی پەرەپێدانی توركیا ١٩٤٨[٢].

ئەوەی جێگای تێڕامانو سەرنجە لەم قۆناغەی توركیاو دامەزراندنی فرە پارتیو برەودان بە پرۆسەی سیاسی، تەواو بەو مانایە نایەت کەوا توركیا لە ڕەگو ڕیشەوە بڕوای بە گۆڕانە دیموكراتیو ئازادیە گشتیەکان هێنا بێتو پارتی فەرمانڕەواش هەر بەسانایی دەست بەرداری ئامانجەکانی بووبێت، چونکە بەپێی یاسای پارتەکان، ڕێ لە دروستکردنی پارتێك دەگیرا گەر مۆرکی ئیتنی هەبوایە، بۆیەش ئەرمەنەکانو یۆنانیەکانو جولەکە، (لەڕاستیدا کوردیش)، نەیانتوانی گوزارشت لەداواکارییە تایبەتیبەکانی خۆیان بکەن لە توركیادا[٣].

هەرچەندە سیستمی فرە پارتایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو هاوکاربوو لەهێورکردنەوەو نەرمی نواندنی سیاسیانەی پارتی فەرمانڕەوا لە هەمبەر کورددا[٤]، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانو لێ وردبوونەوەیە، دەبینین لەم قۆناغەدا هیچ جۆرە پارتو ڕێکخستنێکی سیاسیی کوردی لە توركیادا بەدی ناکرێت، کە ئەمەش زیاتر بەهۆی سیاسەتی کەمالیستانەی ئینۆنۆوەبوو، سیاسەتێك کە خۆی لەتوندوتیژی سەربازیو سەرکوتکردنی کوردو تواندنەوەی لەبۆتەی توركدا دەبینی یەوە.

بەمەش دەکرێت بڵێین ئەم سیاسەتە سەرەتاکەی تاکتیکێکی سیاسیی بوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسییو ئابووریو سەربازییەکان، بەڵام دواتر خۆی سەپاندو بوو بە ڕاستیەکی مێژوویی لە مێژووی هاوچەرخی توركیادا، کە دەرەنجامەکانی ململانێ سیاسیەکانی ئەو قۆناغە تا

---

(١) د.احمد نوری النعیمی: م.س، ص٣٢.

(٢) د. أحمد نوری النعیمی: م.ص ، ص ٤٣

(٣) محمد نورەدین: س.پ، ل٣٠٧.

(٤) د.وەدیع جوەیدە: س.پ، ل٤٦٥.

ئەمڕۆکەش لە تورکیادا ڕەنگدانەوەی دیاریان هەیە. جگە لەمەش پارتە بەرهەڵستکارەکانی ئەو قۆناغە برەویان بە چالاکیەکانیانداو ئەمەش زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٤٦ بەدەرکەوت تا بەدەسەلات گەیشتنی یەکێك لە پارتە ئۆپۆزسیۆنە بە هێزەکانی تورکیاو کاریگەری بەسەر پڕۆسەی سیاسیی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، وەك بەرەنجامێکی سیاسەتەکاتی پارتی گەلی کۆماری بەسەرۆکایەتی ئینۆنۆ لە تورکیادا.

## سێیەم: ژیانی پارتایەتی‌و کاریگەری بەسەر پڕۆسەی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی:

کاریگەری فرە پارتایەتی هەرزوو ڕەنگی دایەوە لە سیاسەتەکانی حکومەت‌و پارتی گەلی کۆماری فەرمانڕەوا، بەتایبەتیش ئەم ڕەنگدانەوەیە خۆی لە ئامادەکاریەکانی پارتەکاندا دەبینیەوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی (پەرلەمانی تورکیا) کەوا بڕیاربوو لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەنجام بدرێت.

ئەم کاریگەریەش لەوەوە بەدەرکەوت کەوا حکومەت هەستی بەوەکردبوو، کە پارتە سیاسیە بەهەڵستکارەکان تادێ جەماوەریان زیاد ئەبێت، لەبەرئەوەش بۆو پارتی فەرمانڕەوا بڕیاری یەك لایەنەی دا لە پێشخستنی کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی بۆ ٢١ی تەمموزی ١٩٤٦ لە جیاتی ساڵی ١٩٤٧[١]، بۆ ئەوەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بە کاری خۆیان ڕانەگەن لە سازکردنی خەڵك‌و بەدەستهێنانی دەنگەکانیان لەبەرژەوەندی خۆیان.

بەم جۆرە هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراودا ئەنجامدراو ئەنجامەکانی بەم جۆرە لێکەوتەوە:

١-سەرکەوتنی پارتی گەلی کۆماری بە (٣٩٦) کورسی لە کۆی (٤٦٥) کورسی.

٢-پارتی دیموکراتی (٦٢) کورسی بەدەستهێنا، کە ئەوکات گەورەترین‌و بەهێزترین پارتی ئۆپۆزسیۆن بوو.

٣-سەربەخۆکان تەنها(٧) کورسیان بەدەستهێنا[٢].

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان (کازم قەرە بەکر) بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی‌و عیصمت ئینۆنۆش دووبارە کرایەوە بە سەرۆك کۆمار، بەلام حکومەتی نوێ دووچاری چەندین کێشە بوو بۆوە لە بواری ئابووری، بۆیە هەولی دەدا بازرگانی سەربەست بکات بۆ دروستکردنی ڕکابەری بازرگانی‌و دابەزینی نرخی خواردەمەنی‌و کالا لە بازاڕدا، وە هاندانی کەرتی تایبەت بۆ وەبەرهێنان، بەلام ئەم بڕیارو هەنگاوانەی حکومەت کاریگەریەکی ئەوتۆی

---

(١) د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: م.س، ص٢٦٨.

(٢) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.212.

نەبوو لەسەر بازاڕو ئابووری وڵات، بەڵکو بە پێچەوانەی ویستی حکومەت، نرخی کەڵو پەڵو کاڵاکان بەرزبۆوەو نرخی دراوی نیشتمانی دابەزیو ئاستی گوزەرانی خەڵك بەجارێك گران بوو بەسەر شانیانەوە. لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە حکومەت هەڵسا بەداخستنی سەندیکای کرێکاران لە ساڵی ١٩٤٦و داخستنی چەند ڕۆژنامەیەك وەك ڕۆژنامەی (کون) وە (سس) کە چەپ بوون[١].

لە درێژەی ئەوبارودۆخەداو لە ژێر فشاری ئۆپۆزسیۆن وەزارەتی (ڕەجەب بەگ) لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٤٧ دەستی لەکار کێشایەوە[٢]، بەتایبەتی دوای ئەوەی (٤٧) نوێنەری پارتی گەلی کۆماری دایانە پاڵ پارتی دیموکراتی، ئەمەش وایکرد زیاتر ناکۆکی دروست بێت لە نێوانیاندا، کە لەڕاستیشدا ڕەنگدانەوەی زیاتری ژیانی پارتایەتی بوو لە پرۆسەی سیاسیی تورکیادا. پێویستە ئەوەش بزانین کە ئینۆنۆ لە ١٢ی تموزی ١٩٤٧ لە بەیانێکدا بەفەرمی یاسای فرە پارتایەتی ڕاگەیاندبوو، (Temmuz cok partisi Beyaname)[٣].

لە بارودۆخێکی وادا لە نێو خودی پارتی گەلی کۆماری ناکۆکی زۆر بوو لەسەر بەکارهێنانی دەسەڵات، وە دواتر (حەسەن کایا) بوو بە سەرۆك وەزیران لە ١٠ی ئەیلولی ١٩٤٧، کە ئەم حکومەتە هەندێ هەنگاوی نا بۆ چاککردنی بارودۆخی ئابووری وڵات لە بەرژەوەندی کەرتی تایبەتو خاوەن موڵکەکان، وە چەند هەنگاوێکیشی پەیوەست بوو بە بوار نەدان بە بازرگانی ئازاد تەنها بە مۆڵەتی دەوڵەت نەبێت، لە هەمان کاتیشدا دانانی سنوورێك بۆ دەست تێوەرنەدانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریو هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ڕژێمی حیزبی، جگە لەمانەش ڕێگەدان بەخوێندنی هەندێك لەوانەی ئاینی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە[٤]، بەڵام دواتر لایەنی نەرێنی خراپی لەسەر ڕەوشی سیاسی لە تورکیادا دروستکرد[٥].

ئەم هەنگاوانەش لە ڕاستیدا هەرچەندە هەڵقوڵاوی ڕای گشتی تورکیاو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بوو، بەڵام نەبووە هۆی گۆڕانی ڕیشەییو (حەسەن کایا)ش لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٤٩ دەستی لەکار کێشایەوە، لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٤٩ وەزارەتێکی نوێ پێکهات بەسەرۆکایەتی (شمس الدین کون ئالتان)، بەڵام ئەم وەزارەتە نوێیە وێڕای کێشەکانی دیکەی،

---

(١) د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: م.س، ص٢٦٨-٢٦٩.

(٢) م.ن، ص٢٦٩.

(٣)د.احمد نوری النعیمی: م.س، ص٣٩.

(٤) نوبار هرفسبیات و اخرون: م.س، ص١٢٩.

(٥) محمد نورەدین: س.پ، ل٨٨، ٨٩.

ڕووبەڕووی دیاردەی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیش بۆوە کەوا پارتی نەتەوە سەرکرداریەتی دەرکرد، ئەمەش وایکرد حکومەت چاوێك بەو یاسای سزادانە بخشێنێتەوە کە پێشتر دانرابوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە ترسناکەو کپ کردنەوەی دەنگی ئۆپۆزسیۆن(١).

باری ئابووری تورکیا بەتەواوی ئاڵۆزبوو بوو، چونکە لیرەی تورکی بەپێچەوانەی سەردەمی جەنگ بەرزبووبۆوە لەبەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی، کە ٢,٨ لیرە بەرامبەر بەیەك دۆلار بوو، ئەمەش بوەهۆی دابەزینی نرخی کاڵای هاوردەی ئەورووپایی بەشێوەیەکی پێکەنیناوی، چونکە ئەم سیاسەتە ئابووریەی تورکیا بووەهۆی ئەوەی کە پیشەسازی نێوخۆیی نەتوانێت ڕکابەری کاڵای بیانی بکاتو ئەمەش بووە هۆی سەرلێشێوانی(٢).

بەمەش دەبینین هەنگاوەکانی حکومەت نەبوونە هۆی کپ کردنی ناڕەزاییەکانو دەنگی ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخەکان زیاتر خەست دەبوونەوە لە دوو توێی هەڵومەرجە سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکەی ئەوقۆناغە لە تورکیادا، کە تیایدا بەرهەڵستکارانی سیاسییو بانگەشەکەرانو لایەنگرانی دین لە هەڵومەرجێك دەگەڕان دەسەڵاتی سیاسیی ناچار بکەن زیاتر توندوتیژی بنوێنێتو لەبەرامبەردا ڕقی جەماوەری لێ هەڵسێننو خۆیانی پێ بە ئامانج بگەیەنن، بۆ وێنە: ئۆپۆزسیۆن سوودی لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی (فەوزی چەقماق) وەرگرت لە ١١ی نیسانی ١٩٥٠دا، بۆ سازدانی خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە شەقامەکانی تورکیاو بەرزکردنەوەی ئاڵای (لااله الا لله)، کە تیایدا ژمارەی بەشداربووان لە نیو ملیۆن کەس تێپەڕی دەکرد، لە بەرامبەردا حکومەت ئەم خۆپیشاندانەی بە کۆنە پارێزو دژایەتی کردنی ئەتاتورك لە قەڵەمدا، وە لیژنەیەکی پێکهێنا لە ١٨ی نیسانی ١٩٥٠ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتەو دانانی سنوورێك بۆ ئەم ڕەوتە ئاینیە سیاسیە، ئەوەبوو ڕۆژنامەی (حوریەت/ Hurriyet)ی داخست، وە ئاگادارای کردن کە ئاین نەکەنە دروشمێك بۆ هەڵسانی هەستو سۆزی خوێندکاران دژی حکومەت(٣). بەمەش دەکرێ بوترێ، زیادبوونی دروشم لەم قۆناغەی فرەحزبیدا بەو واتایەدێ کە ڕژێمە فرەحزبیەکانی خاوەن هەڵبژاردنی ئازاد سوود لە دیاردە عاتیفیو نا دروستەکانی دەروونی جەماوەر وەردەگرن بۆ گەیشتن بەدەسەلات(٤).

---

(١) د.احمد نوری النعیمی: م.س، ص٤٤.

(٢) نوبار هوفسبیات و اخرون: م.س، ص٢١٧.

(٣) د.ابراهیم خلیل احمد و د.خلیل علی مراد: م.س، ص٢٧١.

(٤) بۆ زیاتر بڕوانە: (عەباس خۆشناو: پێکهاتەی حزبایەتی لە تورکیا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە (١)، ساڵی نۆیەم، شوباتی ٢٠٠١، ل٧٣-٩٩).

لێرەوە ئیدی بارودۆخەکان زیاتر خەست بوونەوە، ناڕەزایی ناوخۆش تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند، وە بەرنامەکانی حکومەتیش بەس نەبوون بۆ کپ کردنەوەی ئەو ناڕەزاییانە لە حکومەت‌و پارتی فەرمانڕەوا، بەڵکو ئەو قۆناغە بریتی بوو لە پێویستیەکی مێژوویی کەوا داوای گۆڕانی بنەڕەتی دەکرد لە دەسەڵاتی سیاسیی‌و هێنانەدی خواستەکانی خەڵك، بەتایبەتیش ئەو خواستانەی کە زیاتر لە چارەگە سەدەیەك بوو لە ژێر دروشم‌و سیاسەتەکانی کەمالیزمدا قەتیس کرابوون‌و بەزۆری هێز بەشێکیان سەپێندرابوون، هەربۆیەش ڕووداوەکانی دواتر بە ڕوونی ئەمەیان دەرخست کە خۆی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠دا بینیەوە، کە لە ڕاستیدا گۆڕینی بەشێکی سیاسەتەکانی کەمالیزمیش بوو لە تورکیادا.

ئەوەبوو هەڵبژاردن لە ١٤ی ئایاری ١٩٥٠ ئەنجامدراوو تیایدا بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، پارتی گەلی کۆماری شکستێکی گەورەی خواردوو لە دەسەڵات دوور خرایەوە، کە ئەنجامەکانیش بەم شێوەیە بوون:

١-پارتی دیموکراتی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا بە زۆرینەی٥٣,٤ ٪ ڕێژەی دەنگ لە ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی کە دەیکردە (٤٠٨) کورسی.

٢-پارتی گەلی کۆماری فەرمانڕەوا شکستی خوارد، کەوا ٨، ٣٩ ٪ی ڕێژەی دەنگەکانی بەدەستهێنا، کە دەیکردە (٦٨) کورسی[١].

بەم جۆرە دوای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، جەلال بایار بوو بە سەرۆك کۆمارو عەدنان موندەریس بوو بە سەرۆك وەزیران‌و کور ئالتان بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی، هەروەها ئینۆنۆش کە بۆماوەی (١٤) ساڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران‌و نزیك بە (١٢) ساڵیش وەك سەرۆك کۆمار فەرمانڕەوایەتی تورکیای کردبوو، لە دەسەڵات دوورخرایەوە[٢].

لە ڕاستیدا ئەمە کۆتایی قۆناغێك‌و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی هاوچەرخی تورکیادا، هەرچەندە هەلومەرجی مێژوویی بوو، بووە پێویستیەکی بنچینەیی لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە، بەڵام هەر ئەوە بەتەنها بەس نەبوو، بەڵکو سیاسەتەکانی پارتی گەلی کۆماریش ڕۆڵی کارایان هەبوو بۆ ئەم گۆڕان‌و شکست خواردنەیان، لێرەدا دەکرێت بەکورتی‌و لە چەند خاڵێکدا هۆکارەکان بخەینەڕوو[٣]:

---

(١) ERIKJ. ZURCHER: O.P.CIT, P.217.

(٢) Ibid., P .218.

(٣) فیروز احمد: م.س، ص١٨٩-١٩٣.

١-ئارەزووی گەلی توركی بۆ گۆڕینی ڕژێمی فەرمانڕەوا، دوای تێپەڕبوونی (٢٧) ساڵ بەسەر حوكمی پارتی گەلی كۆماری.

٢-سەرنەكەوتنی پارتی گەلی كۆماری لە دانانی چارەسەرێكی سەركەوتوانە بۆ كێشە ئابووریەكانی توركیا، بەتایبەتی بەرزبوونەوەی بژێوی خەڵك‌و لاوازیی توانای ئابووری.

٣-پارتی دیموكراتی لە هەڵبژاردنەكاندا پشتی بە بورجوازییەتی نیشتمانی‌و خاوەن موڵكدارە گەورەكان بەستبوو، كە ئەوانە لە چەمكی سۆسیالیزم ئەترسان، كاتێك دزەی كردبووە ناو پارتی گەلی كۆماری بەتایبەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیدا.

٤-كاریگەری ئایینی ڕۆڵی هەبوو لەسەركەوتنی پارتی دیموكراتدا، چونكە لە بەرنامەكەیدا جەختی لەسەر گەڕاندنەوەی خوێندنی ئایینی كردبۆوە، وخوێندنەوەی بەرنامەی ئایینی لە ڕادیۆدا، هەروەها ڕێگەدان بە ڕێكخراوە ئاینیەكان بۆ كاركردن لە زۆربەی نێوچەكانی توركیادا.

٥-هۆشیاربوونەوەی خەڵك بۆ هەنگاونان بەرەوكاری سیاسیی‌و ژیانی فرەحیزبی، واتە گۆڕینی دەسەڵاتەكان بەمەبەستی گۆڕانكاری‌و نوێبوونەوە.

٦- وێڕای ئەمانەش، كورد ڕۆڵی گرنگی گێڕا لەم گۆڕانكاریانەدا، چونكە بەدرێژایی ساڵانی فەرمانڕەوایەتی كردنی ئینۆنۆ، لایەكی بەلای كێشەی كوردا نەكردۆتەوەو سەیری كێشەی ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵاتی نەكردووە وەك كێشەیەكی نیشتمانی[1]، بەپێچەوانەوە سیاسەتی چەوساندنەوەو تواندنەوەی كوردو سەركوتكردنی‌و گوێنەدان بەلایەنی خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی‌و تەندروستی‌و پەروەردەو خوێندن‌و...تاد لە كوردستاندا درێژە پێداوە، كە ئەمانەش وایانكرد كوردیش دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی ئۆپۆزسیۆن‌و ببێتە پاڵپشتیەكی بەهێز بۆ پارتی دیموكراتی‌و سەركەوتنی لە هەڵبژاردنی ١٩٥٠ دا، بەئامانجی هاتنە پێشەوەی گۆڕانكاری سیاسیی نێوخۆیی لە توركیاو گەیشتن بە مافە نەتەوەییەكانی، بەڵام لەڕاستیدا ئاوات‌و خواستەكانی كورد هەر نەهاتنەدی[2].

(١)م.ئە.حەسرەتیان: س.پ، ل٦٦.

(٢) بۆ زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (دیڤید ماكداول: مێژووی هاوچەرخی كورد، و. ئەبوبەكر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ئاياری ٢٠٠٣، ل٨١٢-٨١٥).

# ئەنجام

لەدووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەچەند ئەنجامێك گەيشتووين، كە گرنگترينيان ئەمانەن:

١-بارودۆخی نێوخۆيی توركيا لەلايەنی ئابووری‌و سياسيی‌و كۆمەلايەتيەوە لەسەردەمی دەسەلآت گرتنەدەست لەلايەن ئينۆنۆوە، تاڕادەيەكی زۆر پەيوەست بوون بەئاڵو گۆڕو گۆڕانكاريەكانەوە، كە بەهۆی هەڵگيرسانی جەنگی دووەمی جيهانی هاتنە ئاراوەو ئەوەش بووەهۆی ئەوەی ئينۆنۆ لە ماوەی سالآنی جەنگدا، هەم سەرۆك‌و هەم سەرۆكی وەزيران بێت، وە هەموو سياسەتەكان لەلايەن خۆيەوە بڕياری لێوەبدرێت.

٢-سياسەتی دەرەوەی توركيا لەسەرەتای سالآنی دەسەلآتی ئينۆنۆو بەرلەدەستپێكی جەنگی دووەمی جيهانی‌و سالآنی جەنگيش، خۆی لەپەيوەنديەكی پاريزگارانە دەبينيەوە، كە پێمان وايە ئەمە لەلايەك بۆ پاراستنی ئەو سەركەوتنانەبووە كەپێشتر بەدەستيان هێنابوو، لەلايەكی ديكەشەوە بەپلەی يەكەم بۆ گرنگی دان بە لايەنی ئابووری‌و بوژاندنەوەی لەڕێگای وولآتانی ئەوروپی‌و ڕۆژئاواييەوە بووە.

٣-سالآنی ١٩٤٥-١٩٥٠ خاڵی وەرچەرخانە لە پرۆسەی سياسيی توركياو تيايدا بەهۆی پاڵنەرە كۆمەلآيەتی‌و ئابووريە نێوخۆييەكان‌و ئاراستەی سياسەتی دەرەكی گەورە زلهێزەكان لەدوای جەنگی دووەمی جيهانی‌و لەقۆناغەكانی يەكەمی جەنگی سارددا، كرانەوەيەكی بەرەو ديموكراتيەت بەمانا كلاسيكيەكەی كردەوە، كە ڕەنگدانەوەی تەواوی بەسەر ژيانی سياسی توركيادا هەبوو لەم قۆناغەدا، چونكە تا بەهۆيەوە لەنێو جيهانی سێيەم‌و وولآتانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا پێشڕەوی وولآتانی ديكەبێت بۆ ڕێگەدان بەهاتنەكايەی ديارەی فرە پارتايەتی لە وولآتدا.

٤-ململانێ سياسيەكان‌و ركابەری عەلمانيەت‌و ئاين لە پرۆسەی سياسی توركيادا ڕەنگی تەواوی دايەوە لە قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جيهانی‌و بەرەنجامەكەشی شكستی پارتی گەلی كۆماری فەرمانڕەواو سەركەوتنی پارتی ديموكراتی ئۆپۆزسيۆن بوو لە هەڵبژاردنەكانی ئاياری ١٩٥٠دا.

٥-ركابەری‌و ململانێكانی نێو پرۆسەی سياسی توركيای سالآنی ١٩٤٥-١٩٥٠، لەسەر بەشێك لەپرەنسيپ‌و بنەماكانی كەماليزم بوو، بەلآم بەومانايەش نا كەوا بووبێتە هۆی لادان‌و گۆڕينی تەواوەتی لەبنەماكانی كەماليزم‌و سڕينەوەی لە توركيادا، چونكە تا ئەمڕۆكەشی لەگەڵ دابێت، ئەم پرۆسێسە لەژيانی سياسی توركيادا بەردەواميەتی هەيە.

٦-ماوەی فەرمانڕەوايەتی ئينۆنۆ بۆ كورد لە توركيادا، بريتی بووە لە دەسەلآتێكی تۆتاليتاريانەی دەمامكدراو لەژێر سێبەری ديموكراتيەتی ڕۆژئاواييدا، كە خۆی لە درێژەدان بەسياسەتی تواندنەوەی كورد لەبۆتەی تورك‌و دان نەنان بەمافە كەلتوری‌و سياسيی‌و نەتەوەييەكانی دا دەبينێتەوە.

٧-يەكێك لە خاڵە بەهێزەكانی لاوازكردنی ئينۆنۆو دوورخستنەوەی لەدەسەلآت‌و شكست پێ خواردنی لە هەڵبژاردنەكانی ١٩٥٠دا، بێگومان دەنگی ناڕەزايی كورد بووە لە بەرامبەری، ئەمەش وەك پەرچەكردارێكی سياسيی بوو لەبەرامبەر گوێنەدان‌و سياسەتە داپلۆسێنەرەكەی لەمەڕ تواندنەوەی كورد لەبۆتەی سياسەتی كەماليزم دا.

## لیستی سەرچاوەکان

کتێبەکان بەزمانی عەرەبی:

ابراهيم خليل احمد (الدكتور)و د.خليل على مراد:

١-ايران و تركيا دراسة فى التاريخ الحديث والمعاصر، جامعة الموصل، ١٩٩١.

ابراهيم خليل احمد(الدكتور)و اخرون:

٢-تركيا المعاصرة، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٨٨.

مجموعة من الباحثين السوفيت:

٣-تاريخ تركيا المعاصر، ت: د.هاشم صالح التكريتى، من منشورات مكتب الفكر والتوعية فى الاتحاد الوطنى الكردستانى، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧.

احمد نورى نعيمى(الدكتور):

٤-ظاهرة التعدد الحزبى فى تركيا ١٩٤٥-١٩٨٠، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٠.

أسامة الغزالى حرب (الدكتور):

٥-ألآحزاب السياسية فى العالم الثالث، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطنى للثقافة و الفنون وألآداب-الكويت، سبتمبر ١٩٨٧.

جهاد صالح:

٦-الطورانية التركية بين الآصولية والفاشية، ط١، دار الصداقة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٧.

فيروز احمد:

٧-صنع تركيا الحديثة، ت. د.سليمان داود الواسيط و د.حمدى حميد الدورى، بغداد، ٢٠٠٠.

نوبار هوفسبيات، فيروز احمد، ساجلار كير، هورى اسلاموجلو، احمد شميم:

٨-تركيا بين الصفوة البيروقراطية و الحكم العسكرى، ساهم فى اعداده و راجعه: غانم بيبى، سامى الرزاز، ط١، مؤسسة الابحاث العربية، ديسمبر/ كانون الآول ١٩٨٥.

هدى درويش:

٩-الاسلاميون وتركيا العلمانية (نموذج الامام سليمان حلمي)، ط١، دار الافاق العربية- دار الامين للطباعة، القاهرة، ١٩٩٨.

کتێبەکان بەزمانی کوردی:

حەسرەتیان (م.ئە.):

١٠-یاسا دەستوورییەکانی توركیاو كورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە: د.دلێر ئەحمەد، چ١، مەڵبەدنی كوردۆلۆجی (٦)، سلێمانی، ٢٠٠٧.

دیڤید ماكداول:

١١-مێژووی هاوچەرخی كورد، و. ئەبوبەكر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ئایاری ٢٠٠٣.

كۆمەڵێك نووسەری كوردو بیانی:

١٢-گەلێكی پەژموردەو نیشتمانی پەرت (كوردو كوردستان)، و. م.گۆمەیی، سوید، ١٩٩٨.

محمد نورەدین:

١٣-توركیا لەسەردەمی گۆڕاندا، و.ئازاد بەرزنجی، چ١، چاپ‌وئۆفسێتی دەزگای چاپ‌وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

وەدیع جوەیدە (دكتۆر):

١٤-جوڵانەوەی نەتەوەیی كورد بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: د.یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨.

كتێب بەزمانی ئینگلیزی:

15-ERIKJ. ZURCHER: Turkeya amodern history, Third Edition, I.B.Tauris, 2003.

گۆڤارەكان:

ئەیوب ئەمیر كەواسمی:

١٦-پەڕینەوە لە سستمی تاكە حزبەوە بۆ سستمی فرەحزبی لە توركیا، وەرگێڕانی لە فارسیەوە: ئەبوبەكر خۆشناو، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، ژمارە (١)، ساڵی چوارەم، نیسانی ١٩٩٥.

رازاو محەمەد:

١٧-ئەو توركانەی بەڕەچەڵەك تورك نین، دۆسێی توركیا، گۆڤارێكی تایبەت بەكاروباری توركیایە، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان دەری دەكات، ژمارە (٤)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦.

سەردار ئالیاماچ:

١٨-تورکیا: دیموکراسی، مافی مرۆڤو ئابووری بازاڕ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: حەسەن عەبدوڵلا عومەر، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردستان، ژمارە (٤)،ساڵی شەشەم، تشرینی دووەمی ١٩٩٨.

عەباس خۆشناو:

١٩-پێکهاتەی حزبایەتی لە تورکیا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە (١)، ساڵی نۆیەم، شوباتی ٢٠٠١.

٢٠-ململانێ ی ئیسلامو عیلمانیەت لە تورکیا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەولی)، ژمارە (٣)، ساڵی شەشەم، گۆڤارێکە لەکاروباری ستراتیج، ئابووری جیهانو سیاسەتی دەولی دەکۆڵێتەوە، ئابی ١٩٩٨.

فەرۆز ئەحمەد:

٢١-ئابوریی سیاسیی کەمالیزم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: خەلیل بەکر مەحمود، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردستان، ژمارە (٢)، ساڵی شەشەم، مایسی١٩٩٨.

## ملخص البحث

لدراسة تأريخ تركيا الحديث في عهد (عصمت اينونو) من (١٩٣٨-١٩٥٠) أهميتها الخاصة، لآن هذه الحقبة مرتبطة بجملة من التغيرات الآساسية في الحياة السياسية و الآقتصادية و الآجتماعية التركية، هذه الدراسة تهتم بسنوات الحرب العالمية الثانية وأثرها في تركيا من النواحي السياسية والعسكرية والآقتصادية و الآجتماعية، لآن هذه المرحلة قد شهدت تغيرات داخلية في المشروع السياسي التركي بعد الحرب وبعد ظهور ظاهرة التعدد الحزبي طيلة سنوات ١٩٤٥-١٩٥٠، هدفنا من هذه الدراسة هو عرض الحوادث التأريخية المتتالية في تركيا مع الاهتمام والاشارة الى نقاط القوة والضعف في تأريخ تركيا خلال سنوات الحرب وابراز العوامل الايجابية والسلبية التي أثرت فيه، هذا فضلا عن عرض الظروف الداخلية للمجتمع التركي من النواحي الآقتصادية والآجتماعية كنتيجة للتغيرات التي حدثت بعد الحرب الى عام (١٩٥٠) مع العوامل الخارجية الدافعة الى ذلك.

هذه الدراسة تتكون من مقدمة وقسمين رئسيين، قسمه الآول يتناول تأريخ تركيا بين الآعوام ١٩٣٨-١٩٤٥ (سنوات الحرب العالمية الثانية)، ويضم ثلاثة محاور، محوره الآول خاص ب(عصمت اينونو) ورئاسة تركيا، ومحوره الثاني يدرس عوامل اشتراك تركيا في الحرب، محوره الثالث يدرس الحرب وأثرها الآقتصادي والآجتماعي في تركيا، أما قسمه الثاني فمختص بعهد التعدد الحزبي وعوامل نموه وأثره في الحالة السياسية بين الآعوام (١٩٤٠-١٩٥٠)، ويحتضن ثلاثة محاور أيضا، محوره الآول يبحث في عوامل ظهور وتطور التعدد الحزبي، والمحور الثالث يدرس الحياة الحزبية واثرها في المشروع السياسي والآقتصادي و الآجتماعي التركي.

Abstract

Stndying Turkeys contemporary history especially İsmet Pasha İnönü's reign between (1938-1950) has its own significance, not only it was the end of Ataturks reign and the new era in Turkey, but because that period had seen radical change in political, economic and social aspects of life.

This study focuses on that period of the Second World War and the inflnences on political, military, economic and social aspects in Turkey; it was an important stage in the internal political process of post war Turkey and the emergence of pluralism along the years of 1945-1950.

The goal of the study despite putting forth the historical incidents successively and at the same time paying attention to indicating the upside and the downside points of Turkey during the war and the potential affects and customs came about because of this, with putting forth the domestic circumstances in Turkish society economically, socially, and the effects of those changes post war till 1950 with the external and mative factors.

Our study comprises an introduction and two main chapters as follows: the first chapter; Turkey during the Second World War 1939-1945 has been put forward according to three pivots: the first pivot: İsmet Pasha İnönü's and his presidency in the republic, the second: the years of war and the factors of aparticipation in it, the third, the war and its social and economic inflnences. The second chapter is specified to the era of pluralism and the factors of its development as well as their inflnence in the political circumstances during 1945-1950, it is conercd in three pivots each of which: development factors and the emergence of pluralism, party establishments, life in the parties and its inflwace over the political process as well as economic and social aspects of Turkey.

Iraqi Kurdistan Region
Ministry of Higher Education and Scintfic Research
KOYA UNIVERSITY

JOURNAL OF KOYA UNIVERSITY

# JOURNAL OF
# KOYA UNIVERSITY

ISSN.2073-0713
An Academic Jornal Published by Koya University

No:14 March 2010

- Some Hematological and Biochemical Changes in Bovine…
- Effect Of Carbon And Nitrogen Sources On Polyhydroxybutyrate…
- Infrared Spectroscopic Study of the Hofmann-daddn-Type…
- Determination of Radon, Uranium and other Radioactive isotopes…
- Some Results On Smarandache Semigroups
- Evaluation And Treatment Of Expansive Soil…
- Efl College Students' Errors In Using Spatial And Temporal …
- A Cognitive View Of Euphemistic Expressions In Kurdish …
- Doctor Faustus As A Ruined Renaissance Character…

مجلة جامعة كويه

مجلة أكاديمية تصدرها جامعة كويه

العدد 14 السنة 2010